قوباد تاڵەبانی لەسلێمانی پێشوازیکرد لە وەفدێکی بازرگانیی سعودییە

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکوەزیران، پێشوازیکرد لە وەفدێکی بازرگانیی سعودییە بە سەرکایەتیی محەمەد سلێمان ئەلعسیری، کونسوڵی گشتیی ئەو وڵاتە لە هەرێمی کوردستان و پێکەوە تاوتوێی چەنییەتی پەرەپێدانی پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوولایان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕۆژی شەممە 7ی2ی2026 لە سلێمانی بەڕێوەچوو، قوباد تاڵەبانی ئاماژەیدا بە پرسی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی حکومەت بە پشتگیریکردن و ئاسانکاریکردن بە وەبەرهێنەرانی بیانی و ڕایگەیاند لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیش پارێزگای سلێمانی دەرفەتی زۆر گەورە هەیە بە وەبەرهێنەرانی سعودی لە بوارە جیاوازەکاندا و ئامادەیی خۆی و ئیدارەی خۆجێی سلێمانیشی بە هەموو جۆرە پاڵپشتی و ئاسانکارییەک دەربڕی.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە گرنگیی ڕێی کەرتی تایبەت کرا لە ئابووریی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی کە لەم ساڵانەی دواییدا کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز بووە و ڕێی بنەڕەتی دەبینێت لە گەشەپێدانی ئابووریدا.

هەر لەم چوارچێوەیەدا هەردوولا هاوڵابوون کار بکرێت بۆ بەهێزترکردنی پێوەندیی و هاوکاری نێوان هەردوو کەرتی تایبەتی کوردستان و سعودیە و لەم ڕێگەیەوە ئاستی پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا لە داهاتوودا بەهێزتر بکرێت.